# وشەی لێکدراو لە زاری هەورامیدا

د.مەهاباد کامیل عەبدوللا/ زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( وشەی لێکدراو لە زاری هەورامی)دایە، مەبەست لێی خستنەڕوو و دەستنیشانکردنی یەکێك لە لقە سەرەکییەکانی مۆرفۆلۆژییە، هەوڵێکە بۆ پڕاوپڕکردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە لەزارەکەدا.

**بواری لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵدەدرێت چەمك و کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو لەم زارەدا بخرێتەروو، چۆنیەتی دروستبوونی وشەی لێکدراو لە فۆڕم و واتادا دەستنیشان بکرێت.

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵێکە بۆ پەسنکردنی کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو لە زارەکەدا، چەشن و دروستەی وشەی لێکدراو لقێکی سازکردنی وشەیە، کە لقێکی سەرەکی مۆرفۆلۆژییە، باس لە دروستبوونی وشە دەکات، ئەو یاسایانەش دستنیشاندەکات، کە وشەیان پێبەرهەم دەهێنرێت.

وشە بەردەوام لە دروستبووندایە، چونکە زمان وەك ئامێرێك وایە، کە بە بەردەوامی وشەی نوێ بەرهەمدێنێت، بەم شێوەیە زیندویەتی و مانەوە بە هەر زارو زمانێك دەدات ، زاری هەورامیش لەم دیاردەیە بەدەرنییە.

**کەرەستە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

بابەتێکی تیۆریی و پراکتیکییە ، ڕێبازی شیکردنەوەی پەسەنکەرانە پەیرەوکراوە، لە ڕووی تیۆریشەوە پشت بە زاراوە و بۆچوونەکانی مۆرفۆلۆژی گواستنەوە و بەرهەمهێنان بەستراوە، کەرەستەی بابەتەکەش لەو نموونانە وەرگیراون، کە لەزاری هەورامیدا هەن ( لە هەموو باسەکەدا مەبەستمان لە زار –شێوەزاری هەورامییە– چونکە ئەم شێوەزارە بووە بە زارێکی تاڕادە ستاندەری دیالێکتەکە) ، ئێستا لە ناو خەڵکی ئەو دەڤەرەدا بەکاردەهێنرێت.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە پڕاوپڕکردنی لقێکی زانستی مۆڕفۆلۆژییە، کە وشەی لێکدراوە، هەوڵدراوە چۆنیەتی سازبوونی وشەی لێکدراوو چەشنەکانی بخرێتەڕوو، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی جۆرێکی تایبەت لە وشە.

پێناسەو چەمکی مۆرفۆلۆژی:

سەرەتا بە پێویستمان زانی کە چەمك و پێناسەی مۆرفۆلۆژی بخەینە ڕوو، چونکە وشەی لێکدراو یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی ئەم زانستە، مۆرفۆلۆژی پێکهاتەیەکی پێڕەوی زمانە[1]، لێکۆڵینەوەیە لە

[1] د.محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢).

پێکهاتەی وشە، کە دەقاودەق واتای لێکۆڵینەوەیە لە فۆرمی وشە، مەبەست لە گۆکردنی وشەکانە لەلایەن قسەکەرەوە، یاخود فۆنۆلۆژی دەگرێتەوە، کە دەنگ و واتا پێکەوە دەگونجێنێت.

پسپۆڕانی مۆرفۆلۆژی، باس لە بەشە وردەکانی وشە دەکەن، کە چۆن ئەو مۆرفێمانە بۆ بەدەستەوەدانی واتا لێك دەدرێن[2]. واتە پێکەوە هاتن و پێکەوە بەستنی مۆرفێمە بۆ دروستکردنی وشە، هەروەها لە دروستەی ناوەوەی وشەکانیش دەکۆڵێتەوە[3].

لە دروستەی مۆرفۆلۆژیدا، بەشە پێکهێنەرەکانی وشە دیاریدەکرێن و دەستنیشاندەکرێن، بۆ نموونە /پیایانە/ دوو پێکهاتەیە کە توخمی مۆرفۆلۆژی /پیا/ لەگەڵ /یانە/، مۆرفۆلۆژی هەڵوەشاندنەوە و جیاکردنەوەی پێکهاتەکانە، هەروەها توخمە مۆرفۆلۆژییەکانیش دەستنیشان دەکات ، بچوکترین پێکهاتەی ئەم ئاستەش (مۆرفیم)ە.

بەم شێوەیە، مۆرفۆلۆژی ڕۆنانی ناوەوەی وشە دیاریدەکات، پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان دەستنیشاندەکات، لە دروستەی مۆرفۆلۆژیدا یاساو پرۆسەی گشتگیر دەخاتە ڕوو، کە کاریگەرییەکەی لە زانیاریی ئاخێوەردا دەردەکەوێت، لە مۆرفۆلۆژیدا دوو بەش دیاری کراوە، کە ئەوانیش پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییە[4].

**بەشەکانی مۆرفۆلۆژی:-**

1- **مۆرفۆلۆژیی وشە داڕشتن (لێکسیم دروستکردن):** داڕشتنی وشەی نوێیە لە وشە کۆنەکان، کە ڕێگە بە هێنانە ناوەوەی وشەی نوێ بۆ ناو زمانەکە دەدات ، ئەمەش زۆرجار لە تێکست و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرچاودەکەوێت ، هەندێکجار سیستەمی کورتکردنەوەیە، کە دەتوانرێت بەهۆیەوە زانیارییەکان بەشێوەیەکی کورتو پوخت دەربڕێن، بۆنموونە لەبری ئەوەی بڵێین (ئەو کەسەی خەریکی سیاسەتە) دەڵێین (سیاسەتمەدار)، هەروەها چەندین وشە بە ڕێگای ئەنالۆژی لەسەر وشە کۆنەکان دروست دەکرێن[5].

واتە چۆنێتی داڕشتنی مۆرفیمە لە دروستکردنی وشەدا[6]، زۆرجار دەوترێت پێچەوانەی سینتاکسە لەو ڕوانگەیەوە کە مۆرفۆلۆژی پێکەوەلکاندنی وشەو مۆرفیمە بۆ وشە، بەڵام سینتاکس پێکەوەلکاندنی وشەیە بۆ ڕستە[7].

وشە دروستکردن، لقێکی زانستی زمانە، کە تێیدا ئەو تەرزانە پێکدەهێنرێنەوەو پەسندەکرێن، کە بە پەیڕەوکردنیان دروستەی ناوەوەی وشە دەستنیشاندەکرێت، هەروەها وشەی نوێشیان پێ دروست دەکرێت.

وشە دروستکردن کە بابەتێکی لێکسیکۆلۆژییە، تێیدا لێکسیکەکان شیدەکرێنەوەو بە یاسا وشەی نوێ دەستنیشاندەکرێن، کە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا پرۆسەیەکی تایبەت بە وشە دروستکردن هەیە، ئەو پرۆسەیەش بە پرۆسەی لێکدان بۆ وشەی لێکدراو، پرۆسەی لکاندن بۆ داڕشتن (لاگرلکاندن – هەڵگواستن)

2 Ralph (2006:59).

3 د.محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢).

4 شیلان عومەر (٢٠٠٩: ١١٥).

5 Ralph (2006:74).

6 David Crystal (1992:258).

7 سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

ناسراوە[8]. لەیەکدانی وشەو وشەو مۆرفیم بۆ وشە دروستکردنی وشەی لێکدراو، لکاندنی مۆرفیمە داڕێژەرەکانیش بە بناغەکانیانەوە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی هەڵگوازراوە (داڕێژراو)، ئەمان پۆلە ڕەگەز دەگۆڕن یاخود واتاگۆڕن بڕوانە (١أ، ١ب).

١أ- نەوەش (نە) واتاگۆڕە

١ب- سۆزایی (ایی) پۆلەڕەگەز گۆڕە.

لە وشە دروستکردندا، وشەی زمان و زار فراوان دەبێت و فەرهەنگ دەوڵەمەند دەبێت[9].

٢- **مۆرفۆلۆژیی ئەرکی (ڕێزمانی):** پەیوەستە بە ئەرکی مۆرفیمەکانەوە، واتە لە ئەرکی مۆرفیمەکان دەکۆڵێتەوە، کردەیەکی ڕێزمانیی بۆ وشەکان زیاد دەکات، کە لەگەڵ پێداویستی وشەی زمانەکەدا بگونجێت، بۆ نموونە ئەو مۆرفیمانەی کە لەگەڵ (ناو، ئاوەڵناو، کردار) دەگونجێن، ناو مۆرفیمی ناسیاوی و نەناسیاوی، ئاوەڵناو پلەی بەراوردو باڵا، کردار کلیتیکەکان وەردەگرن لە پێکهاتەی ڕستەدا[10]، بڕوانە (٢أ، ٢ب، ٢پ).

| | |
|---|---|
| ٢أ- یانە + ەکە ⟵ یانەکە |ماڵەکە |
| ٢ب- زیرەك + تەر/ تەرین ⟵ زیرەکتەر/ زیرەکتەرین | زیرەکتەر/ زیرەکتەرین |
| ٢پ- وتەن + ا ⟵ وتەنا | نووستووم |

**پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی:**

**چەشنەکانی مۆرفیم لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا لە هێڵکارییەی (١)دا دەخرێتە ڕوو[11]:**

هێڵکاری (١)




**چەشنەکانی دروستکردنی وشە:**

---

[8] د.محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٤٥).

[9] هەمان سەرچاوە: ٤٦.

[10] Ralph (2006:73).

[11] شیلان عومەر (٢٠٠٩: ١٢٢).

لەم تەوەرەدا فۆرم و واتاو چەشنی دروستکردنی وشەکان دەخرێتە ڕوو، کە بە پەیڕەوکردنی یاسا دەتوانرێت وشە بەرهەمبهێنرێت، ژمارەیەکی بێ کۆتا لە دەربڕراو، لەناویاندا وشەی لێکدراویش، بە ژمارەیەکی کەم لە یاسا دروست دەکرێن. وەك پێشتر باسکرا، ئەم وشانە بە پرۆسەی داڕشتن و لە یەکدان و شکاندنەوە دروست دەبن. بڕوانە (٣).

٣- دڵسۆزیی لە دڵسۆزەوە هەڵگوازراوە.

هەروەها دروستکردنی وشەی لێکدراو بە ڕێگای ئەنالۆژیش دەبێت، کە لەسەر بنەمای وشە کۆنەکان وشەی نوێ بەرهەم دەهێنرێت.

کردەی لەیەکدان یەکێکە لەو پرۆسانەی کە وشەی لێکدراوی پێبەرهەمدەهێنرێت، چەند مۆرفێمێك سەربەخۆ یان بەیارمەتی مۆرفیمی لێکدەر لەیەك دەدرێت[١٢].

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە تێیدا چەندین مۆرفێم پێکەوە دەلکێنرێن بۆ دروستکردنی وشە، ئەمە بەو مانایە نییە لە وشە دروستکردندا زمانێکی بەرەڵڵا بێت، بەڵکو بە یاساو پرۆسەی مۆرفۆلۆژی ئەم کردەیە جێبەجێ دەکرێت[١٣].

ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ وشەی لێکدراو لە زاری هەورامیدا.

وشەی لێکدراو:

دەربڕاوێکی زمانیی ناسادەیە[١٤]، کە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆی واتادار یاخود زیاتر پێکهاتووە، لەڕووی واتاو فۆرمەوە چەندین پێناسە بۆ وشەی لێکدراو کراوە، بەڵام گونجاوترینیان ئەوەیە، کە وشەی لێکدراو بریتییە لە یەکەیەکی فەرهەنگی، کە لە بناغەیەك یان زیاتر پێکهاتووە، لەڕووی ئەرکو واتاوە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ ڕەفتار دەکات[١٥]، واتە بە لێکدانی دوو وشەی سادە لەگەڵ مۆرفێمێك یان بەبێ مۆرفێم وشەیەکی لێکدراو بۆ گەیاندنی کۆزانیارییەك بەرهەمدێت ، لە یەکگرتنی دوو قەد وشەیەکی لێکدراو دروست دەبێت، ئەمجۆرە لێکدانە لە زۆربەی زمان و زارەکاندا بڵاوە[١٦].

وشەی لێکدراو بە پرۆسەی لێکدان بەرهەمدەهێنرێت، کە دوو وشە یان زیاتر ( مۆرفێمی لێکدەر) دروست دەبێت[*]. بڕوانە (٣أ، ب).

٣أ- مار ماساوی       مارماسی

٣ب- دارەوەن       دارەبەن

---

[12] د.محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٨٢).

[13] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٢٧).

[14] د.محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٨٣).

[15] محمد عمر (٢٠٠١: ١٣).

[16] David Crystal (1992:211).

[*] هەریەك لە وشە لێکدراوەکان بە یاسا دروست بوون، لە زمانی ئینگلیزیدا هەندێك لە وشەکان بە ( - ، بۆشایی) جومگەکانی جیادەکرێتەوە، بەڵام ئەو وشانە ئەگەر بەو شێوە بنوسرێت ئەوا دەبن بە فرێز چونکە (ی) ئیزافە لەنێوان وشەکاندایەو دەیانکات بە فرێزو لە وشەی لێکدراو دەردەچن، وەك:

ژنبرا       ژەنبرا       brother-in-law

ژەنبرا لە زاری هەورامیدا وشەی لێکدراوە.

**چەشنەکانی وشەی لێکدراو:**

**وشەی لێکدراو لە زاری هەورامیدا لە ڕێگەی لێکدانەوە دروست دەکرێن، کە بەهۆی دانەپاڵی دوو وشەی سەربەخۆ دێنە کایەوە، بەشە پێکهێنەرەکانی دوو چەشنی سەرەکین، بڕوانە هێڵکاری (٢).**

**هێڵکاری (٢) جێکەوتەی وشەی لێکدراو لە مۆرفۆلۆژیدا**[17]




**وەك لە هێڵکاری(٢)دا دیارە، دوو لقی سەرەکی لە مۆرفۆلۆژی جیادەکرێتەوە، ئەوانیش (پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و پەیوەندی مۆرفۆلۆژی)ن، واتە چۆنێتی ڕێگاکانی دروستکردنیو یاسای دروستکردنی وشەی فەرهەنگییە، کە وشەی داڕژاو و لێکدراو بەرهەمی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییە .**

**چەشنەکانی وشەی لێکدراو لەڕووی فۆرم و واتاوە:**

**یەکەم: وشەی لێکدراو لەڕووی واتاوە، چەندین جۆری لێجیادەکرێتەوە:**

**١- وشەی لێکدراوی جڵەوگیرانە: لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتوون، جومگەکانیان جێگۆڕکێ ناکەنو فراوان ناکرێن، بەهای هەریەکەیان یەکسانە، واتاکەی لە دەرەوەی جومگەکانیەتی واتای دەرەکی هەیە، واتای لێکدراوەکە پەیوەندیی بە جومگەکانیەوە نییە. بڕوانە (٤أ، ٤ب).**

| | | |
|---|---|---|
| ٤أ- وەرم وەش | خەوخۆش | کەسێك خەوی قوڵ بێت |
| ٤ب- چواردە | چواردە | کەسێك وەك مانگی چواردە بدرەوشێتەوە |

[17] محمد عمر (٢٠٠١: ١٧).

**واتای (٤أ، ٤ب) لە دەرەوەی کەرتەکانیانەوەیە، نەک لە لێکدانی واتای کەرتەکان.**

**٢- وشەی لێکدراوی خاوەنێتی: ئەو لێکدراوانەن، کە جومگەکانیان واتای وشەکان نادەن بەدەستەوە، واتاکەی روون نییە، بەڵکو لە ئەنجامی پرۆسەی لێکدان واتایەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە[18]، واتای لێکدراوەکە لە واتای جومگەکانی بەهێزترە، جومگەی دووەم لە رووی سیمانتیکەوە جومگەی یەکەم دیارییدەکات. بڕوانە (٥أ، ب، پ).**

**٥أ- بنە مۆم          بنەمۆم**

**٥ب- کەللە رەق          کەللەرەق**

**٥پ- کۆڵ بەر          کۆڵ بەر**

**٣- وشەی لێکدراوی گونجێندراو (بەستراو):**

**جومگەکانی ئەم لێکدراوانە لە رووی واتاوە لە پەیوەندییەکی گونجاودان و هاونرخن، سێ جۆر پەیوەندی دروست دەکەن، وەک (پەیوەندیی هاوواتایی /نزیك واتایی، دژواتایی، گرتنەوە). بڕوانە (٦أ، ب، پ).**

**٦أ- خاك و خۆڵ          پەیوەندیی هاوواتایی**

**سوك و ریسوا          نزیك واتایی**

**٦ب- بەرز و نزم          پەیوەندیی دژواتایی**

**٦پ- ماڵ و حاڵ پەیوەندیی گرتنەوە**

**لە (٦أ)دا (خاك و خۆڵ) هاوواتان، (سوك و ریسوا) لە پەیوەندییەکی نزیك واتادان.**

**لە (٦ب)دا جومگەکان دژواتان، لە (٦پ) پەیوەندیی جومگەی دووەم بەشێکە لە جومگەی یەکەم واتە جومگەی یەکەم دووەمیش دەگرێتەوە[19].**

**وشەی لێکدراوی گونجێندراو (بەستراو)، دوو جومگە یا زیاتر پێکهاتوون، جومگەکان جێگۆڕکێ ناکەن و فراوان ناکرێن، ئەگەر بەمەبەست نەبێت، واتە قسەکەر بە مەبەست جێگۆڕکێیان پێدەکات، لەوبارەشدا لە وشەی لێکدراو دەردەچێت وەك دەربڕاوێکی تر مامەڵە دەکات.**

**دووەم: چەشنەکانی وشەی لێکدراو لە رووی فۆرمەوە:**

**بەپێی فۆرم وشەی لێکدراو چەندین جۆری لێجیاکراوەتەوە، ئەوانیش:**

**١- وشەی لێکدراوی تەکیەکخراو[20]:**

**ئەو وشە لێکدراوانەن، کە مۆرفیمی لێکدەر بەشداری داڕشتنیان ناکەن و نەبەستراون، هیچ کەرەستەیەکی شکانەوەیان تێدا نییە، بڕوانە (٧أ، ب).**

**٧أ- شاژەنی          شاژن**

---

[18] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٢٨٢).

[19] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤.

[20] د.محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢٠).

٧ب–دار وەزی        دارگوێز

هەریەك لە (٧أ، ب) تەنها لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ پێکهاتوون.

٢- وشەی لێکدراوی لێڵ (بەبەردبوو): ئەم چەشنە لێکدراوانە، دەنگەکانیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، فۆرمە بنەڕەتییەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام زۆرو کەم فۆرمەکانیان لەڕووی دەنگسازییەوە گۆڕراوە، واتە جومگەکان فۆرمیان وەك فۆرمە بنەڕەتییەکەیان نەماوە. بڕوانە (٨أ،ب)

٨أ- دەزگیران        دەزگیران

٨ب- دەزگا        دەزگا

لە (٨أ) فۆنێمی (س) گۆڕراوە بۆ (ز) هەروەها فۆنیمی (ت) لەناوچووە، لە (٨ب)دا بە هەمان شێوە، فۆرمی گۆڕراوە.

٣- وشەی لێکدراوی گونجێندراو (بەستراو): جومگەکانی ئەم جۆرە لێکدراوە، تا رادەیەك لەیەك دەچن، وەك دووبارەبوونەوەی فۆنیمی یەکەم یاخود دووەم یا کۆتایی[21]، بڕوانە (٩أ، ب).

٩أ- دەم و دەس ، دارودرەخت، هەراوهوریا        دەم و دەست، دارو درەخت، هەراوهوریا

٩ب- ئێسك و پروسك، شەڕوشۆڕ        ئێسك و پروسك، شەڕوشۆڕ

٤- وشەی لێکدراوی کورت: ئەم لێکدراوانە کورتکراوەی رستەی تەواون، واتە لە رستەیەکەوە وەرگیراون، کە جومگەی یەکەم بکەر یا بەرکارن و جومگەی دووەم کردار، بەڵام بە هەردووکیان وشەیەکی لێکدراوی دروستکردووە[22]، بڕوانە (٩أ، ب، پ).

٩أ- دەسبڕییەی        دەسبڕین

٩ب- پیربببییەی        پیربوون

٩پ- نانکەردەی        نانکردن

(٩أ) کورتکراوەی چەندین رستەیە لەوانە (ئەو دەستی کچەکەی بڕی یان دوژمن دەستی کوردی بڕی)، (٩ب) بەهەمان شێوە کورتکراوەی رستەی وەك (پیربوون بۆ هەمووانە)، لە ٩پ (نانکەردەی) بەهەمان شێوە کورتکراوەی رستەی لە چەشنی (ئەو نان دەکات). بەم شێوەیە ئەمجۆرە لێکدراوانە رەگی کردار لە جومگەی دووەم دان، رەگی کرداریش پێویستی بە کەرەستەی وەك بکەر، بەرکار هەیە بۆ پڕکردنەوەیان.

دروستەی وشەی لێکدراو:

**دروستە**: بەگشتی تۆڕێکە چۆنێتی پەیوەندیی تێکەڵ بوونی توخمەکان دیاریدەکات، کە تێیدا هێماکان بەپێی ئاماژەکانیان دەردەکەون، بەڵام لە شێوە تایبەتییەکەیدا، ئەم زاراوەیە ئاماژە بە جێبەجێ بوونی هەریەك لە ئەرکی توخمەکان لەناوخۆیاندا دەدات، بۆنموونە لە شێوە گشتییەکەیدا سیستەمی کلیتیکەکان

---

[21] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٢٨٤ – ٢٨٥).

[22] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

ئەوەیە کە ئەمان زنجیرەیەکن لە تەرزی زمانی، بەڵام لە ئاستە تایبەتییەکەیدا هەریەکێکیان لە پەیوەندیدان لەگەڵ دروستەی فۆنۆلۆژی و دروستەی فرێزدا[٢٣].

واتە توخمەکان پێکهێنەری دروستەکانن، کە بەپێی ئەدگارەکانیان لە چەند پۆلەڕەگەزێك پێکدێت، هەریەك لە توخمەکانیش ئەرکی تایبەتی خۆیان لە دروستەدا هەیە.

توخمەکان بەپێی ئەرکەکانیان پۆلێن دەکرێن، هەریەك لەو پۆلێنانەش هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بە یاساکانی تەکیەکخستن و خستنە تەکیەك هەر پۆلێك رێکدەخرێت[٢٤].

دروستەی وشەی لێکدراو لە زاری هەورامیدا، وەك رستە سەرکۆتاییە، لە رستەدا کردار حوکمی بەشە سەرەکیەکانی تری رستە دەکات، وشەی لێکدراویش سەرکۆتاییە کە دروستەکەی (تەواوکەر + سەر) پێکهاتووە، پێڕەوی رێسایانەی مۆرفۆلۆژی تێیدا دەکرێت، رێساکەش بریتیە لە دابەشکردنی بەشەکانی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و پەیوەندی مۆرفۆلۆژی، ئەم دوو بەشە بووە بە پێوەر بۆ پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لە هەر زارو زمانێکدا[٢٥].

لە رێزماندا سیستەم هەیە، کە پێکهاتەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیو فۆنۆلۆژی و واتاسازی بە یاسا رێکدەخات، واتە بە یاساو رێسایەك چەندین یەکە لێکدەدرێتەوە، ئەمەش ئاسانکارییەك بۆ زارەکە دەڕەخسێنێت، کە ژمارەیەك یەکەی بێکۆتا بە چەند یاسایەکی سنوردار لێکدەدرێتەوە، یەکێك لەو یاسایەش یاسای سەرکۆتاییە، چۆن رستە سەرکۆتاییە، بەهەمان شێوە وشەی لێکدراویش سەرکۆتاییە[٢٦].

بڕوانە (١٠أ، ب).

١٠أ- چەم سیاو　　　چاو رەش　　　سەری رێزمانیی

١٠ب- بزڵەمار　　　بزنمژە　　　سەری واتایی

لە (١٠أ، ١٠ب) وشە لێکدراوەکانیان سەرکۆتایین بۆ دروستەکانیان بڕوانە (١١أ، ب).

١١أ- ناو + ئاوەڵناو

١١ب- ناو + ناو

لێرەوە پێکهاتەکانی وشەی لێکدراو بەپێی پۆلە ڕەگەزەکانیان دەخەینەڕوو:

أ- ناوی لێکدراو:

ئەو جۆرانەن، کە رۆڵی ناو دەبینن و ئەم پێکهاتانەیان هەیە:

١) N + N ⟵ N

< گوڵ > + < ئاو >　　　گوڵاو

٢) N + Det + N ⟵ N

< گوڵ > + / -ە / + < گەنم >　　　گوڵەگەنم

٣) N + Co + N ⟵ N

< یاو > + / -و / + < لەرز >　　　یاوولەرز ( لەرزوتا)

---

[23] David Crystal (1992:371).

[24] د.محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٤٨).

[25] د.شیلان عومەر (٢٠١٢: ٤٢).

[26] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٤٧).

٤) N + Det + N ⟵ N

< سەر> + / –بە / + < گۆبەن> سەربەگۆبەن

٥) A + N ⟵ N

< دەس> + < کولّ> دەسکولّ (دەست کورت)

٦) N + A ⟵ N

< سیاو> + < مار> سیاومار ( ڕەشمار)

٧) N + Det + A ⟵ N

< تەڕ> + / –ە / + < پیاز> تەڕەپیاز

٨) N + Conj + A ⟵ N

< چڕ> + / –و/ + < چەم> چڕوچەم ( چڕوچاو)

٩) Base verb + N ⟵ N

< کلاّش> + < کەر> کلاّشکەر

١٠) Root verb + Conj + N ⟵ N

< چڵك> + / –او/ + < وەر> چڵکاووەر (چڵکاوخۆر)

١١) Rv + Conj + Rv ⟵ N

< ئام> + / –او/ + < لوای > ئاماولوای ( هاتوچۆ)

١٢) N + Adv ⟵ N

<چیٚ°ر> + <گجی> چیٚ°رگجی ( ژێرکراس)

**ب– ناوی ڕووداویی لێکدراو:**

لەم ڕۆنانانەدا دەردەکەون:

١٣) V + N ⟵ N

<ئاوڕو> + <شییەی> ئاوڕوشییەی (ئابڕوچوون)

١٤) V + A ⟵ N

<ڕووسیاو> + <کەردەی> ڕووسیاوکەردەی (ڕووڕەشکردن)

١٥) V + A + N ⟵ N

<ئێر> + <وەش> + <کەردەی> ئێروەشکەردەی ( ئاگرخۆشکردن)

١٦) V + Adv ⟵ N

<فره> + <واتەی> فرەواتەی (زۆر وتن)

١٧) V + N + Conj + N → N

<پەڕ> + / –و/ + <باڵ> + <کەردەی> پەڕوباڵکەردەی( پەڕوباڵ کردن)

١٨) Adv + V + Conj + N → N

<ئاوی> + <کەردەی> +/ –ە / + <چێر> ئاویکەردەی چێر (ئاوکردنەژێ)

١٩) V + Adv + N → N

/ –پێ / + / –چنە / + <گرتەی> پێچنەگرتەی (پێداگرتن)

**پ=ئاوەڵناوی لێکدراو:**

**ئەوانەن، کە ئەرکی ئاوەڵناو دەبینن و پێکهاتەیان لەم ڕۆنانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

٢٠) N + N → A

< بەژن > + < چنار> بەژن چنار

٢١) A + N → A

< ڕوو> + < سوور > رووسوور

٢٢) N + Det + N → A

<دەم> + / –بە / + <خوای> دەم بەخوای (دەم بەپێکەنین)

٢٣) N + A → A

<دڵ> + <ڕەق> دڵ ڕەق

٢٤) N + Det + A → A

<سیس> + / –ە / + <مار> سیسەمار

٢٥) R + N → A

<قۆڵ> + <بڕ> قۆڵبڕ

٢٦) R + A → A

<گەش> + <بین> گەشبین

٢٧) N + No → A

<دووە> + <ڕوو> دووەروو (دووڕوو)

٢٨) $R + Adv \rightarrow A$

<بەلارە> + <ئاما>　　　　بەلارەئاما ( بەلاداهات)

**ت- کرداری لێکدراو:**

**ئەو لێکدراوانەن ، کەوەك کردار ڕۆڵدەبینن ئەم ڕۆنانەیان هەیە[27].:**

٢٩) $V + N \rightarrow V$

<مل> + <مەڕیای>　　　　ملمەڕیای ( ملشکاندن)

٣٠) $V + Adv \rightarrow V$

<سیاو> + <کەردەی>　　　　سیاوکەردەی (ڕەشکردن)، بەهێزبییەی (بەهێزبوون)

کرداری( بوون و کردن) بەشدارییەکی چالاکیان هەیە لەم بوارەدا.

ئەو وشانەی کە لەم یاسایانە بەدەرن، بەر یاسایەکی تر دەکەون ئەویش یاسای سەروگەگمێنتی قورسایی خستنەسەرە کە قورسایی دەکەوێتە سەر کۆتایی وشە، بەڵام ئەگەر سەر سەرەتایی بێت، ئەوا وشەی یەکەم قورسایی دەچێتە سەر[28].

هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەوانیش سەرکۆتایین، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە رۆنانی وشە لێکدراوەکەوە هەیە، یاخود هەندێکجار قسەپێکەرانی زارەکە دەکەونە ژێر کاریگەری زارو زمانەکانی دەوروبەرەوە بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، زۆرجاریش بە رێگای ئەنالۆژی دروستدەکرێت، واتە لەسەر بنەمای وشە کۆنەکان وشەی نوێ دادەڕێژن، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم زارو بەشداریکردنی مۆرفێمی توخمە لەسەر هەندێك لە وشە لێکدراوەکان. (بڕوانە لاپەڕە　　بۆ باسی مۆرفێمی توخم).

بەپێی بەکارهێنانیان دوو چەشن وشەی لێکدراو جیادەکرێتەوە**:

١- وشەی لێکدراوی هەمیشەیی: ئەوانەن کە بەکارهێنان لەلایەن قسەپێکەرانەوە زۆرەو لە فەرهەنگدا چەسپێنراون.
٢- وشەی لێکدراوی کاتیی: ئەو وشانەن کە زۆرجار لەکاتی پێویستدا بەکاردەهێنرێن، بۆئەوەی خوێنەر لە دەقێك یان نووسینێك تێبگات، لەوانەیە یەکجار بەکاربهێنرێتو لەوانەشە هەر ئەو وشەیە بێت وشەیەکی لێکدراوی هەمیشەیی.

---

[27] ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٧ ل ٨٣-٨٥ و شیلان عومەر ٢٠٠٩ ل ١٢٥-١٢٧.

[28] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٦).

** وشە لێکدراوەکانی زمانی ئینگلیزی سەرەتا دووکەرت بوون و دوور لە یەکتر نووسراون، دواجار خەت لەنێوانیاندا دانراوە، بەڵام ئێستا بەیەکەوە دەنوسرێن و چوونەتە فەرهەنگەوە، ئەو زمانە پەیڕەوی ئەوە دەکات، ئەگەر وشەکان لە فەرهەنگدا تۆمارنەکرابن ئـەوا سـەرەتا ( - ، بۆشایی) لەنێوان کەرتەکانی وشە لێکدراوەکەدا دادەنێن، بەڵام کە چوونە فەرهەنگەوە وەك تاکە وشەیەك دەنووسرێن.

مۆرفێمە سەربەخۆ واتادارەکان بنەڕەت و سەرەکین، کاتێك مۆرفێمێك یان وشەیەکی دیکەیان بۆ زیاد دەکرێت، واتای نوێ بەدەستەوە دەدەن، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وشەی لێکدراو لە دوو وشەی لێکدراو و لە دوو وشەی سەربەخۆ پێکدێت، کە پەیوەندیی سەرو تەواوکەر لەنێوانیاندا هەیە، بڕوانە (١٢أ، ب).

١٢أ- سەرزل سەرزل

١٢ب- گوشپان گوێپان

دروستەکانی (١٢أ، ١٢ب) لە دوو وشەی سەرەکی پێکهاتوون، کە بە لێکسیمە لێکدراوەکان ناودەبرێن، ئەم مۆرفێمانە زۆر سەربەست و سەربەخۆن رۆژانە بەکاردەهێنرێن، چەندین وشەی دیکە بە رێگای ئەنالۆژی لەمانەوە دروست بوون، بڕوانە (١٣أ، ١٣ب).

١٣أ- کەللەزل، دەم زل

١٣ب- سەرپان، سینەپان

نموونەکانی (١٢أ، ١٢ب) لە دروستەدا وەك (١٣أ، ١٣ب)ن، واتە سەربەستن، مۆرفێمی لێکدەریان تێدا نییە، ئەو لێکدراوانەی کە بە رێگای ئەنالۆژی دروستدەکرێن، واتای گشتی وشەکە لە جومگەکانییەوە هاتووە، بڕوانە (١٤) و دروستەکەی لە شێوەی (ناو + رەگ)ە.

١٤- شوْتورەش شیرفرۆش

نموونەی (١٤) جومگەکانی مۆرفێمی لێکدەر لەنێوانیاندا نییە، واتای لێکدراوەکەش لە واتای جومگەکانییەوە هاتووە، کە لە یەکگرتنی (ورەش) کە سەرەیە لەگەڵ (شوْت)، کە تەواوکەرە یان دیارخراوە، بەهۆی (شوْت)ەوە دەرخراوە، کە ناوێك و رەگێك یەکیان گرتووە، بۆ پێکهێنانیان وشەیەکی لێکدراو.

لە نموونەکانی (١٥أ، ب)دا، یەکێك لە جومگەکانی وشە لێکدراوەکە واتایەکی گشتی هەیە، جومگەی دووەم بێ واتایە، بەڵام بەگشتی واتایەکی سەربەخۆی هەیە، دروستەکەی لە شێوەی:

ئاوەڵناو/ ناو + مۆرفێمی لێکدەر + وشەی بێ واتا

١٥أ- گەرم و گور ئاوەڵناو + مۆرفێمی لێکدەر + وشەی بێ واتا

١٥ب- گول و مول ناو + مۆرفێمی لێکدەر + وشەی بێ واتا

هەرچەندە (١٥أ، ١٥ب) لە فۆرمدا وەك یەکن، بەڵام دروستەکانیان جیاوازە، چونکە جومگەکانیان لە پۆلە رەگەزی جیاوازن، واتای جیاوازیش بە لێکدراوەکە دەدەن.

ئەو وشە لێکدراوانەی لە مۆرفێمی سەربەخۆ و رەگ پێکهاتوون، بەکارهێنانو ژمارەیان لە وشە لێکدراوەکانی تر لە زارەکەدا، زیاترە، رەگ وەك سەری وشە لێکدراوەکە مامەڵە دەکات، دروستەکەی بەم شێوەیەیە: (ناو + رەگ). بڕوانە (١٦أ، ب، پ).

١٦أ- گوشتوەر گۆشتخۆر

١٦ب- نانکەر نانکەر

١٦پ- دەسبڕ دەستبڕ

هەریەك لە نموونەکانی (١٦)، لە ریزبوونی جومگەکانیدا گونجاون، سەری رێزمانیی و واتاییان لە کۆتاییدایە، هەریەك لە جومگەکان رەگەزی فەرهەنگیین و لە فەرهەنگدا بە سەربەخۆیی تۆمارکراون، سەری

وشەی لێکدراو (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵناوێکی کراو، کردارێکی بەناوبوو)[29]ە. سەرەکان لەلای چەپەوەە بۆ لای راست حوکم دەکەن، کە لەگەڵ پێکهاتەو سیستم و رستەی زارەکەدا یەک سەرەوریزبوونیان هەیە.

**یاساکانی تەکیەکخستن و خستنەتەکیەک:**

هەریەک لە پۆلەرەگەزەکان ئەرکی تایبەتی خۆیان لە دروستەدا هەیە، بەپێی بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە وشەی لێکدراودا، بەر دوو یاسای تایبەتی دەکەون ئەوانیش یاسای تەکیەکخستن و خستنە تەک یەکە:

یەکەم: ئەو وشە لێکدراوانەی کە بە یاسای خستنە تەک یەک بەرهەمدەهێنرێن، ئەو لێکدراوانەی بەر ئەم یاسایە دەکەون، ئەو وشانەن کە لە دوو وشەی سەربەخۆ یا زیاتر بەبێ مۆرفێمی لێکدەر پێکهاتوون، ئەم وشانە چەندین پۆلەرەگەز بەشداری داڕشتنیان دەکەن، وەک (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار، رەگ)، بەڵام هەڵبژاردنی جومگەکان بۆ جێکەوتەی یەکەم، پەیوەندیی بە زارەکەوە هەیە، کە هەندێک لە وشەکان بە ئەنالۆژی دروست دەکرێن، بەڵام هەندێکی تریان بە یاسای خستنە تەک یەک دروست دەبن[30].

وشەی لێکدراو دوو جۆر سەری هەیە، سەری رێزمانیی و سەری واتایی، کە لەگەڵ سیستم و پێکهاتەی زارەکەدا دەگونجێن، یەک سەرەوریزبوونیان هەیە کە سەرکۆتایین، واتە سەری رێزمانیی حوکمی جومگەکەی تر دەکات، بەڵام هەندێک لە وشەکان دەشێت سەری واتاییان لەناو وشەکە خۆیدا نەبێت، بەڵکو بە کۆی جومگەکانی وشە لێکدراوەکە واتایەک لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکە دروست دەکەن[31]، کە پەیوەندی بە واتای جومگەکانییەوە نییە[*].

أ- ئەو وشانەی سەرکۆتایین، بڕوانە (١٧، ١٨).

ناو + سەری رێزمانیی

١٧- چەم + گەش ⟵ چەمگەش

ناو + سەری واتایی

١٨- ساڵ + نامە سالنامە

ب- ئەو لێکدراوانەی کە سەر سەرەتان، جومگەی یەکەم هەڵگری واتای وشەکەیەو سەرەیە واتای وشەکەی تارادەیەک پێوە بەندە، بڕوانە (١٩أ، ب).

١٩أ- ژەن + برا ⟵ ژەنبرا ژنبرا

١٩ب- کتێب + خانە ⟵ کتێبخانە کتێبخانە

هەریەک لە (ژەن، کتێب) کە لە جێکەوتەی یەکەمدان، بە سەری وشە لێکدراوەکە دادەنرێن، واتای بنەڕەتی لێکدراوەکەیان هەڵگرتووە، هەروەها هەندێک لە لێکدراوەکان ناو و ئاوەڵناو بەشداری داڕشتنیان دەکەن. بڕوانە (٢٠أ، ب).

٢٠أ- چەم + گەش ⟵ چەمگەش چاوگەش

---

[29] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩ – ٥١.

[30] ئاواز حەمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦: ١١ – ١٢).

[31] د.محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢٨).

[*] ئەو وشانەی کە سەرەکەیان لە ناوەندەکەدایە پێی دەوترێت (endocentric) بەڵام ئەو وشانەی کە سەرەکەیان لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکەدایە پێی دەوترێت (exocentric).

۲۰ب- سیار + وا ⟵ سیاروا رەشەبا

لە (۲۰أ)دا ناو (چەم) لە جێکەوتەی یەکەمدایەو سەری وشەکەیە، بەڵام لە (۲۰ب) (وا) کە لە جێکەوتەی دوەمدایەو سەری لێکدراوەکەیە. کەواتە بەپێی واتای وشەکان ناوو ئاوەڵناو دەتوانێت جێگۆڕکێ بکات.

ژمارە یەکەیەکی چالاکە لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراودا، کە لە زۆربەی وشەکاندا لە جێکەوتەی یەکەمدایەو لەلایەن سەرەوە حوکم دەکرێت. بڕوانە (۲۱أ، ب).

۲۱أ- هەزار + پا ⟵ هەزارپا هەزارپێ

۲۱ب- چوار + تا چوارتا⟵ چوارتا

بەڵام هەریەك لە جومگەکانیان چەسپاون و جێگۆڕکێ ناکەن، واتای لێکدراوەکە لە واتای جومگەکانیەوەیەتی.

ناوی شوێنیش بەهەمان شێوە بەشداری داڕشتنی ئەمجۆرە لێکدراوانە دەکات، کە لە جێکەوتەی یەکەمدان و جێگۆڕکێ ناکەن، بڕوانە (۲۲أ، ب).

۲۲أ- چێر + خان ⟵ چێرخان ژێرخان

۲۲ب- چێر + پیاڵە ⟵ چێرپیاڵە ژێرپیاڵە

ناوی روداو و قەدو رەگیش لەگەڵ ناودا لێکدەدرێن و وشەی لێکدراو سازدەکەن، بڕوانە (۲۳أ، ب، پ).

۲۳أ- سەر + تاشای ⟵ سەرتاشای سەرتاشین

۲۳ب- دەس + کوْت ⟵ دەسکوْت دەستکەوت

۲۳پ- پیا + کوژ ⟵ پیاکوژ پیاوکوژ

لە هەر سێ نموونەکەدا ناو لە جێکەوتەی یەکەمدایە، جومگەی دووەم سەری ڕێزمانیی لێکدراوەکەن، چونکە لە زارەکەدا کردارو قەدو رەگ و ئاوەڵناو و پێشناوە سینتاکسییەکان و پێشناوی فەرهەنگی سەری ڕێزمانین[32].

**دووەم: ئەو وشە لێکدراوانەی کە بە یاسای تەکیەکخستن بەرهەمدەهێنرێن:**

ئەو لێکدراوانەن کە دوو وشە یان زیاتر بەیارمەتی مۆرفێمی لێکدەر بەشداری داڕشتنیان دەکەن، وەك (ە، و، وو، ەو، بە، او) ئەم مۆرفێمانە جومگەی یەکەم و دووەم پێکەوە دەبەستن، بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو، بڕوانە (دروستەکانی ناوی لێکدراو ، ئاوەڵناوی لێکدراو، ناوی رووداوی لێکدراو، کرداری لێکدراو).

**مۆڕفێمی توخم لە وشەی لێکدراودا:**

ئەم مۆڕفێمە، بەچەند فۆرمێك دەردەکەوێت، دروستەی ناوەوەی وشە لێکدراوەکە، جێکەوتەی مۆڕفێمی توخم دەستنیشان دەکات[33]، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

[32] عرفان مستەفا رەحیم (۲۰۰۳: ۲۸).

١-مۆرفێمی تایبەت بە توخمی نێر(Ø)، و تایبەت بە مێ (ی°)یە، بەڵام ئەم مۆرفێمانە ئەگەر دەنگێکی ڤاوڵ لە پێش یان پاشیانەوە بێت، ئەوا گۆڕانکارییان بەسەردادێت، بڕوانە(٢٤أ-ت)

٢٤أ بزڵەمار، ٢٤ب دارهەنار، ٢٤پ داروەزی ، ٢٤ت براژەنی

دروستەی هەریەک لەم وشانە (ناو+ناو+ مۆرفێمی توخم)، لە( ٢٤أ،ب)دا، لەبەرئەوەی وشەکە نێرە، مۆرفێمی توخم دەرنەکەوتووە، بەڵام لە (٢٤پ،ت)دا، لەبەرئەوەی وشەکان لە توخمی مێن مۆرفێمەکە لە فۆڕمی (ی)دا دەرکەوتووە، واتە کەوتۆتە کۆتایی ئەو وشەیەی کە حوکمی وشەی یەکەم دەکات.

٢- ئەگەر دروستەی وشەی لێکدراوەکە(ناو+ئاوەڵناو)بوو ،ئەوا مۆرفێمی توخم دەکەوێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکەوە، کە حوکمکەری وشە لێکدراوەکەیە، ئاوەڵناو لە زارەکەدا هەڵگری مۆرفێمی توخم نییە، بۆیە مۆرفێمی توخمەکە تایبەت دەبێت بەو ناوەی، کە لە جێکەوتەی یەکەمدایە، واتە ئەگەر ناوەکە مێ بوو ئەوا مۆرفێمی تایبەت بەمێ (ە) وەردەگرێت و ئەگەر نێربوو(Ø) دەبێت، بڕوانە(٢٥أ-ت).

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥أ دڵتەڕ | "دڵتەڕ" نێر | | ئاوەڵناون |
| ٢٥ب دەسپاک | "دەستپاک" | | |
| ٢٥پ دڵتەڕە | "دڵتەڕ" مێ | | |
| ٢٥ت دەسپاکە | "دەستپاک" | | |

٣- لە دروستەی وشەی لێکدراوی ( ناو+ ئاوەڵناوی کراو) دا، بەهەمان شێوە مۆرفێمی توخم بە ناوەکەوە بەندە، ئەگەر دەنگی کۆتایی ئاوەڵناوەکە کۆنسنانت بوو، ئەوا (ە) وەک مۆرفێمی نێر دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر ڤاوڵ بوو دەرناکەوێت، بۆ مێ(ی°) وەردەگرێت، بڕوانە (٢٦أ،ب).

٢٦أ کوڕمەردە " کوڕمردوو" نێر

٢٦ب کوڕمەردی° " کوڕمردوو" مێ

ئەم نێرو مێیە لەو دوو ئاوەڵناوەدا پەیوەستە بەدەرخراوەوە، ئەگەر دەرخراوەکە نێربوو ( کوڕمەردە) دەوترێت، بەڵام ئەگەر دەرخراو مێ بوو (کوڕمەردی°) دەوترێت.

٤- لەدروستەی وشە لێکدراوەکانی جۆری (ناو/ئاوەڵناو+ چاوگ)دا، مۆرفێمی توخم لەم جۆرە وشانەدا دەرناکەوێت، چونکە چاوگەکە حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات، هەروەها وشە لێکدراوەکە، وەک کردارێکی لێکدراوی سەربەخۆ حوکمی بەشەکانی تری ڕستەکە دەکات، لەم بارەدا مۆرفێمی توخمی بکەری و بەرکاری لەسەرکردارەکە دەردەکەوێت ، بڕوانە (٢٧أ،ب).

٢٧أ نان پەتەی "نانکردن" ( لەزاری هەورامیدا، نانپەتەی هەیە نەک نانکردن)

٢٧ب خاسکەردەی "چاککردن"

[33] هەمان سەرچاوە

٥-له دروستەی جۆری (ناو+ ڕەگی کردار)دا، ناوەکە دەستنیشانکەری مۆڕفێمی توخمە، بەڵام لە کۆتایی وشەکەدا دەردەکەوێت، وشە لێکدراوەکەش وەك ناوێکی لێکدراو مامەڵە دەکات، دەبێت هەڵگری مۆڕفێمی توخم بێت، بڕوانە(٢٨أ،ب).

٢٨أ کڵاشکەر کلاْشکەر } نێر
قاڵیکەر فەرش دروست کەر
٢٨ب کڵاشکەرە کلاْشکەر } مێ
قاڵیکەرە فەرش دروست کەر

بەشێوەیەکی گشتی، خەسلەتی مۆڕفێمی توخم لەسەر وشەی لێکدراو بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێت:

أ- ناوە لێکدراوەکان، مۆڕفێمی توخمیان لەسەر دەردەکەوێت، وشەی دووەم، مۆڕفێمی توخمەکە دەستنیشان دەکات و دەکەوێتە کۆتاییەوە، بڕوانە (٢٩أ،ب،پ).

ناوە لێکدراوەکانیش، وەك هەندێك لە ناوەکانی تر بە زگماکی مۆڕفێمی توخم وەردەگرن، بڕوانە (٢٩أ،ب).

٢٩أ هیـ°لەروەنی "هێلکەوڕۆن" (ی) مێ
٢٩ب سیاووا "ڕەشەبا" (Ø) نێر

ب- لە ئاوەڵناوی لێکدراودا، ناوە وەسفکرواەکە، مۆڕفێمی توخم دیاری دەکات، واتە ئەگەر باسکراوەکە مێ بوو ئەوا مۆڕفێمی مێ وەردەگرێت، ئەگەر نێریش بوو مۆڕفێمی نێر لە شێوەی (Ø) وەردەگرێت، بڕوانە(٣٠أ،ب)

٣٠أ بالاْبەرز بالاْبەرز نێر
٣٠ب بالاْبەرزە بالاْبەرز مێ

پ- کرداری لێکدراو مۆڕفێمی توخمی تایبەت بە خۆی نییە، چونکە کردار بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بکەر و بەرکاردا لە ڕستەدا ئەم مۆڕفێمە هەڵدەبژرێت، بڕوانە (٣١أ،ب).

٣١أ ئاد° تو°پەکیـ°ش بەرزەکەردو°. " ئەو تۆپەکەی بەرزکردەوە"
٣١ب ئاد° دارەکەش بەرزکەردو°. " ئەو دارەکەی بەرزکردەوە"

لە ( ٣١أ)دا (تۆپ) بەڕەگەز مێ یە بۆیە مۆڕفێمی مێ ی بە کردارە لێکدراوەکە بەخشیوە ، بەڵام لە (٣١ب) دا (دار) بەڕەگەز نێرە ،مۆڕفێمی نێر (Ø)یە کە دەرنەکەوتووە.

**ئارگومێنت داواکەر و داواکراو لە وشەی لێکدراودا:-**

ئەو جێکەوتانەی کە بەفرێزی ناوی و فرێزی پێشناوی بە خورتی پڕدەکرێنەوە پێیان دەوترێت ئارگومێنت، کەڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن.

ئارگومێنت داواکەرەکان، دەستنیشانکەری جێکەوتەکانن لە ئاخاوتندا، کە ئەو جێکەوتانە بەهۆی دەربڕاوێکەوە (وشەیەکەوە) پڕدەکرێنەوە، دووجۆر ئارگومێنت هەن، کەئەوانیش ئارگومێنتی بەخورتیی و سەرپشکین، وەك ڕستە، وشەش لە وشەی لێکدراودا ئارگومێنت داواکەری هەیە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، هاوتەریبی دروستەی ئارگومێنتە لە سینتاکسدا لەگەڵ پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو، بۆ نموونە لە ڕستەدا کرداری( وتەی ) وەك پریدیکەیتێك تەنها یەك ئارگومێنتی بەخورتیی پێویستە لە ڕستەدا، بڕوانە (٣٢ )

٣٢ سەما وتە "سەما خەوت"

کرداری (پنەدای "پێدان" ، ئەرەنیای "دانان" ) پێویستییان بە چەند ئارگومێنتێکی داواکراو هەیە لەڕستەدا، بڕوانە (٣٣أ،ب).

٣٣أ من کتی°بەکەم دا بە ئادی°. "من کتێبەکەم دابەئەو"

٣٣ب ئاد° قەڵەمەکەش سەرو می°زەکی°وە نیارە. " ئەو قەڵەمەکەی لەسەر مێزەکە دانا"

لە ڕستەی (٣٣أ)دا پنەدای پێویستی بە دوو ئارگومێنتی داواکراو بەخورتی هەیە، ولەڕستەی (٣٣ب)دا ئەرەنیای پێویستی بە سێ ئارگومێنتی بەخورتی هەیە، کەواتە نەك تەنها ئارگومێنت داواکەرەکان جیاوازن بەڵکو پێدانی ڕۆڵی بابەتیش جیاوازە، کەسوودی سیمانتیکی و سینتاکسی دەردەخات، بڕوانە (٣٤أ،ب).

٣٤أ نانپەتەی "نانکردن"

٣٤ب وەشکەردەی "خۆشکردن"

هەریەك لە (٣٤أ،ب)، لە مۆرفێمێکی سەربەخۆی واتادارو کردار پێکهاتوون، کە کردارەکە تەنها یەك ئارگومێنتی پێویستە، لەسەر بنەمای گواستنەوە فەرهەنگییە لێکدراوەکان، دەبێت وشەی یەکەم و دووەم خوشکبن و چونیەك و گونجاوبن، کە هەموو لێکدراوێکی کرداری دەبێت جێکەوتەی یەکەم خوشکی کردارەکە بێت لە وشەیەکی یەکگرتوودا.

زنجیرە وشەکانی ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار) پێشبینی بوونی پێکهاتەیەکی تر ناکەن، کە فرێزێك یان وشەیەك بێت، بەڵام دیسان پێویستە ئەو کەرەستانەی کە لەگەڵیاندا یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی وشەی لێکدراو خوشکبن ولەگەڵ یەکدا گونجاوبن، واتە خەسڵەتەکانیان پێکەوە بگونجێن.

کردار و ئاوەڵناو ئارگومێنت داواکەرەکان لە ڕستەدا ڕۆڵ پێدەرو حوکمکەری کەرەستە زمانییەکانی ترن، چۆنیەتی و جۆری کەرەستە داواکەرەکە داواکراوەکان هەڵدەبژێرێت، لە وشەی لێکدراویشدا بەهەمان شێوە لە ئاخاوتندا داواکەرەکە لە زنجیرەکانی ئاخاوتندا کەرەستەیەك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت[34]، کردار و ئاوەڵناو و پێشناو لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا وەك سەری ڕێزمانیی دیاریکراون[35].

ئارگومێنت داواکراو لەلایەن ئارگومێنت داواکەرەکەوە داوادەکرێن، لەڕستەدا فرێزی ناوی ئارگومێنت داواکراوە، کە ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، وشەی لێکدراویش بەهەمان شێوە سەرکۆتاییەو قورسای دەخرێتە سەر دوابڕگە یاخود دوا وشەی وشە لێکدراوەکە[36].

دەشێت سەری وشە لێکدراوەکان لە (ناوێك، ئاوەڵناوێك، ئاوەڵناوێکی کراو، ناوی ڕووداو)بوو بێت کە زوربەیان لەو جۆرەن کەلە فەرهەنگدا تۆمارکراون، سەرەی وشە لێکدراوەکانیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکم دەکەن، بڕوانە(٣٥أ-ت).

٣٥أ ساڵ+نامە=ساڵنامە "ساڵنامە"

٣٥ب دار+وەزی= داروەزی "دارگوێز"

٣٥پ چەم+کەوە=چەمکەوە "چاوشین"

٣٥ت وەرم+وەش= وەرموەش "خەوخۆش"

---

34 محمەدی مەحوی (48،٢٠٠١)

35 محمەدی مەحوی (٢٠٠١،٥١)

36 PAVOL STEKAWER (2005,6)

جومگەی دووەمی وشە لێکدراوەکان  ئارگومێنت داواکەرن، وشەکانی جێکەوتەی یەکەمیش داواکراون، چونکە سەرکۆتاییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم شێوەزارەدا هەندێك فرێز هەن ئێستا لە شێوەی وشەی لێکدراودا دەردەکەون، لەم بارەدا بەپێی فرێزەکان ئارگومێنت داواکەر ئارگومێنتی داواکراو هەڵدەبژرێت، بڕوانە (٣٦أ،ب).

٣٦أ  مزگی گو°رە            "مزگەوتی گەورە"

٣٦ب  گوڵەگەنم            "گوڵە گەنم"

**درەختی وشەی لێکدراو:-**

بەپێی تێۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، وشەی لێکدراویش وەك ڕستە خاوەنی درەختی خۆیەتی، هەربەو ڕێبازەش مۆرفێمە پێکهێنەرەکانی شیدەکرێنەوە، هەر درەختێك لە لقێکی دایك و دوو خوشك پێکدێت، دەشێت هەرخوشکێکیش دوو خوشکی دیکەی هەبێت، دایکەکە لە لوتکەی هەرەمەکەدایە و ئەوانی دیکەش بە دوایدا لە خوارەوە دێن، بڕوانە(٣٧).




جێکەوتەی هەریەك لە جومگەکان، پەیوەندیی جیاواز دێنێتە ئاراوە، چونکە دایك دەسەڵاتی بەسەر کچی یەکەمدا هەیە و کچی یەکەمیش بەسەر کچی دووەمدا دەسەڵاتی هەیە، کچی دووەم خەسڵەتی کچی یەکەمی تێدایەو کچی یەکەمیش خەسڵەتی دایکی تێدایە، واتە دایك هەموو خەسڵەتی کچەکانی تێدایە، بەڵام مەرج نییە کچەکان هەموو خەسڵەتەکانی دایکیان تێدابێت، بەڵکو بەشێك لەوخەسڵەتانە هەڵدەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا کچەکان خەسڵەتی جیاواز و دژبەیەکی وەك (تاك، نێر ومێ) بەتایبەتی لەکرداری لێکدراودا هەڵناگرن،  بەڵام لەناو ئاوەڵناودا دوا جێکەوتە خەسڵەتەکانی پێش خۆی دەسڕێتەوەو خەسڵەتی خۆی زاڵدەبێت بەسەر ئەوانەی پێش خۆیدا[37].

درەختی هەندێك لە وشە لێکدراوەکان لە خوارەوە دەخەینە ڕوو، کەهەریەك لەو وشانە بەشێوەیەکی دووپەلکی دابەشبوون، بڕوانە ( ناوەلێکدراوەکان٣٨،٣٩،٤٠ - ئاوەڵناوە لێکدراوەکان ٤١،٤٢،٤٣-کردارە لێکدراوەکان ٤٤- ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان ٤٥ ).

---

[37] د.سەروەت محمەد ئەمین (٢٠٠١،٦)

٣٨


شاهەنگ
Ń
N N
شا هەنگ


بەردەنما
Ń
N N
بەرد ە نما

٣٩


سیاووا
Ń
N A
سیاو وا


مێرگەپان
Ń
N A
مێرگ ە پان

٤٠


دارتاش
Ń
N V
دار تاش


دەسوبرد
Ń
N V
دەس و برد

٤١


گەردنبلور
Á
N N
گەردن بلور


سەرگەرم
Á
N A
سەر گەرم

٤٢


هەڕبەسەر
Á
N N
هەڕ بە سەر


وەشباوەڕ
Á
A N
وەش باوەڕ


کوڵەباڵا
Á
A N
کوڵ ە باڵا

٤٣




ئەو نموونانەی کە لە (٤٣)دا هاتوون، نیشانەی ئاوەڵناویان هەیە و خۆیان لە بنەڕەتدا ئاوەڵناونین.

٤٤




٤٥




**ئەنجام:**

لەچەند خاڵێکدا ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەخەینەڕوو:

١- وشەی لێکدراو لە زارەکەدا، بابەتێکی لێکسیکۆلۆژییە، تێدا لێکسیکەکان بە یاسا شیدەکرێنەوە، وشە نوێکانیش بە یاسا دەستنیشان دەکرێن.

٢- بەوشە دروستکردن وشەی زارەکە فراوان دەبێت وفەرهەنگ دەوڵەمەند دەبێت.

٣- لەم باسەدا پەیوەندی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی وشەی لێکدراو دیاریکراوە، کە بە پێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان پێکهێنراون.

٤- وشەی لێکدراو لە زارەکەدا، پێکهاتەی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە مۆرفێمی توخم وەك مۆرفێمێکی چالاك بەشداری داڕشتنی دەکات.

٥- مۆرفێمە سەربەخۆکان لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراودا بنەڕەتن.

٦- پۆلە ڕەگەزەکانی ( ناو، ئاوەڵناو، ناوی ڕووداوی، کردار) بەشداری داڕشتنی وشەی لێکدراو دەکەن.

٧- وشەی لێکدراو لە زارەکەدا، بە پێی یاسای تەکیەکخستن و خستنەتەکیەك بەرهەمدەهێنرێن.

٨- وەك ڕستە وشەی لێکدراویش ئارگومێنت داواکەرو داواکراوی هەیە.

٩- وشەی لێکدراو لە زارەکەدا، خاوەنی درەختی خۆیەتی، کەهەردرەختێك لە لقێکی دایك و دوو خوشك پێکدێت.

## سەرچاوەکان


١- ئاواز حەمەصدیق بەگیخانی، ١٩٩٦، ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردییدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٣- عرفان مستەفا رحیم، ٢٠٠٣، رستەی ئاوێتە لە زاری سلێمانی و هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤- د.محەمەد مەعروف فەتاح، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥- د.شیلان عومەر حسەین، ٢٠١٢، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٦- محمەد عومەر عەول، ٢٠٠١، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە رووی داڕشتن و ئەرکەوە، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧- محەمەدی مەحوی، ٢٠٠١، رستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .

٨- محەمەدی مەحوی، ٢٠١٠، مۆڕفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی مۆڕفۆلۆژی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٩- محەمەدی مەحوی، ٢٠١١، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٠- سەروەت محمدئەمین ، ٢٠٠١، پێداچوونەوەیەکی نوێ بە یاسای (کردار) و (کات)ەکانی زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، B٨

١١- David Crystal, 1992, Language and Languages, Blackwell Cambridge,UK.

١٢- Pavol Stekawer,2005, Handbook OF Word Formation Published, Dardrecht, By Springer P.O.BOX 17.3300 AA -, the Netherlands

١٣- Ralph W.Fasold, 2006, Cambridge University Press, New york

## خلاصة البحث

يعد تصنيف و تحديد الظواهر المورفولوجية من المواضيع المهمة الذي اهتم به الدراسات اللغوية، فاهمية هذا الموضوع لاتكمل فقط في علافاتها بعلم المصطلحات، بل انها تحث اللغويين لاعطاء اكتمام اكبر بالنتاجات المناسبة لتحديد الظواهر اللغوية فيها و ذلك من خلال لظهار صنف خاص بالبنية اللغوية، وهو دراسة الصفات المورفولوجية الخاصة.

هذا البحث بعنوان ( الكلمة المركبة في اللهجة الهوراميية) يتكون من مباحث عدة، وضحنا فيها مفهوم و تعريف الكلمة المركبة، وكذلك تم تحديد جانبي الطالب و المطلوب، و ايضا تناولنا بنية الكلمات المركبة، ووضحنا بشكل خاص مورفيم الجنس، والذي يعد مورفيما مهما في بنية الكلمات المركبة و من ثم قمنا برسم مخطط (شجرة) خاص بالكلمات المركبة.

و قد ختم البحث بالنتائج و الاستنتاجات المستخلصة، فضلا عن الهوامش التوضيحية و المصادر المستعملة.

## Abstract

The classification and identification of morphology are of important topics that are dealt with in the linguistic studies. The significance of this subject doesn’t come from only in relation to the terminology but it urges linguists to give greater attention to the appropriate outcomes to determine the phenomena of language through the emergence of particular classification of the structure of language that is the study of the morphological characteristics.

This research entitled (Compound word in the Hawramian Dialect) consists of several sections in which the concept and definition of compound word are given. We also show the demand through the debates between the demands of the necessities.

It also dealt with the structure of compounds words and shown morpheme in particular in which it shows its importance in the compound words.

We also draw a special scheme of compound words. The research ends with results and conclusions as well as explanatory toot notes and used references.